# کوشتن – پیرۆزی
# ئیشکالی ڕێبین هەردی

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

" لێرە بە دواوە هەموو بەرەبەیانی جەژنێک ،یادی لە سێدارەدانی سەدامە " ئەمە ناونیشانی گفتوگۆیەکە کە ڕۆژنامەی ئاوێنە لەگەڵ کاک ڕێبین هەردی سازی کردووەو لە ژمارە 51 دا بڵاوکراوەتەوە .گفتوگۆکە بریتی یە لە ئاراستە کردنی چەند پرسیارێک لە سەر لە سێدارە دانی سەدام و بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق.وەڵامەکانی ڕێبین لەوە دەرچووە تەنیا لە ئاستی سیاسەت بوەستێ بەڵکو دەڕوا بۆ خستنە ڕووی تێگەیشتنی تر لە بیروباوەڕ و لە چۆنیەتی بیرکرنەوە.

ئەو بابەتەی لەم گفتۆگۆیە بە پلەی یەک زۆر زەق دکرێتەوە بریتی یە لە کوشتن – پیرۆزی،دواتر سیستەمی قەزاو دادگا ،دەستور و سوپا .مامەڵەی ڕێبین لە گەڵ ئەم بابەتانە هەمووی لە کۆی خۆیدا شێوازێکمان لە بیرکردنەوە پێ نیشان دەدا ،کە لە سەر ئیعدامی سەدام خۆی پراکتیک دەکاو خۆی تاقی دەکاتەوە .ئەم جۆرە لە بیرکرنەوە پێش هەموو شتێک لە دوو حەسانە بەهرەمەندە ،یەکەم بی دەنگی خوێنەران و ناوەندی ڕۆشنبیری لەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە لای کەمی لە ڕوخساردا جەبر بۆتەوە بۆ هاوڕا بوونێکی گشتی. دووەم حەسانەتێکی مەعنەوی کە ڕیزکردنی پێشگری " ڕۆناکبیر "لە پێش ناوی ڕێبین لە ڕابردوو لە ئێستادا بۆ ئەم و بۆ زۆر ڕۆشنبیری تری فەراهەم کردووە وای کردووە قورسایی پێشگرو و لەقەب لە پڕۆسەی نوسین و بڵاو کرنەوەو خوێندنەوەدا ،هەنگاوێک و دووان بە پێش لۆژیک بوونی تێزەکان و بۆچوونەکان بکەوێ .

پێش خستنە ڕووی ڕەخنە بە پێوەستی دەزانم ئەم پەرەگرافانە لە وەڵامەکاندا بخەمە بەردەستی خوێنەرانەوە ،کاک ڕێبین دەڵێ :–

(( لێرەوە یەکەم مەترسی کە لە شانۆگەری لە سێدارەدانی سەدامدا دەردەکەوێت ئەوەیە کوشتن لە عێراقی داهاتوودا وەک سەردمی سەدام ،دەشێت هەمیشەو هەموو کاتێک ڕووبدات .ڕۆژێکی پشوومان بۆ کوشتن نییە.هیچ ڕۆژێکی پیرۆز نیە ڕێگر بێت لە بەردەم کوشتندا.ئەوەی کە ڕوویدا تێهکەڵاو بوونی کاتەکانی پیرۆزیە لە لایەن کوشتن و مرنەوەو لە دوا شیکرنەوەدا بریتی یە لە داگیرکردنی پیرۆزی لە لایەن کوشتنەوە))

((...جەژنی قوربان لە چیرۆکە دینیەکەدا بریتییە لە وازهێنان وڕاوەستاندنی کوشتنی مرۆڤ.پەیامێکە بۆکۆتایهێنان بە کوشتنی مرۆڤ وجێگرتنەوەی بەکوشتنی ئاژەڵ.دینیەکان ئەو ڕۆژە پیرۆز دەکەن کە حەزرەتی ئیبراهیم لە بری ئیسماعیلی کوڕی،فەرمانی سەربڕینی ئاژەڵێکی بۆ هاتە خوارەوە.جەژنەکە بریتیە لە مژدەی وازهێنان لە سەربڕینی مرۆڤ وەک پەیامێک بۆبەردەوامی ژیان تەماشای دەکەن.دووبارە کردنەوەی قوربانی کردنی ئاژەڵێک،لە گەڵ هەموو قوربانیکردنی ئاژەڵێکدا،بیرخستنەوەیەکی شاراوە هەیە بۆ پیرۆزکردنی ژیانی مرۆڤ و ڕێزلێگرتنی.قوربانیدەکەین بۆ ئەوەی واز لە کوشتنی مرۆڤ بهێنین..ئەمەیە مانا دینیەکانی جەژنی قوربان ))

ئەم وەڵامانە لە ڕوخساردا وەک پڕۆتستۆیەک خۆی دەنوێنێ لە بەرامبەر کوشتنی مرۆڤدا ،بەڵام لە ڕاستیدا فەرامۆش کردنی میکانیکیانەی مێژووی هاوبەش ولێک ئاڵاوی پشتی هەردوو وشەی کوشتن– پیرۆزیە ،کە لە سەردەمی هەرەزووەکانی پەیدابوونی کۆمیونیتی مرۆڤدا دەست پێ دەکاو تائەمڕۆی دونیاش درێژە بەم هاوبەشیەی خۆیان دەدەن .

لەلای ڕێبین" پیرۆزی " دونیایەکی جیاوازوپڕلە تایبەتمەندیە کە بە سنووری دیاریکراوەوە لە دونیای "کوشتن " جیا ئەبێتەوە. لەم دابەش کردنە عیرفانیەی ڕێبیندا ،دەکرێ بوونی کۆمەڵایەتی دابەش بکەین بۆدوو جوگرافیای جیاواز کە هەر یەکەیان چارەنووسی جیاوازی لەبەردەم مرۆڤ و کۆمەڵگە و ژیان داناوە ،کە ماناو مەوداکانیان تەنیا لە کارەسات و ڕووداوە شازەکاندا قابیلی تێکەڵاوبوون ،کەمڕەنگ کردن وداگیرکردنی جوگرافیای یەکترن.

لە فەنتازیای ئەم دابەش کرنەدا " پیرۆزی " هیچ گومان و پرسیاری لەسەرنیەو تەواو بەگەنجینەکانی بەخشین و سەوزایی ئایندەی باشتر بۆ مرۆڤ لە کاردایە،بە پێچەوانەش دونیای " کوشتن " بە هەموو تراژیدیاو کارەساتەکانی خوێن و لەبەین بردن چاوەڕێ ی دەرزێکە بۆ داگیر کردنی دونیای پیرۆزی .

لە سەر ئەم دابەش کردن و هاوکێشەیەدا شیکردنەوەی لە سێدارەدانی سەدام لەلای ڕێبین بەدەر لە مانا سیاسیەکانی تایبەتمەندیەکی تر بەخۆیەوە دەگرێ ،کە بریتیە لەو هەلەی کە کوشتن مۆنۆپۆلی دونیای پیرۆزی دەکاو ئەمڕۆ و داهاتوش لە چارەنووس و چاوەڕوانیەکانی خەڵک لە عێراقدا بە خۆیەوە گرێ دەدا.ئەم لە خۆ گرێ دانەلە لای ڕێبین دەگاتە لوتکە کاتێ کوشتن و لە سێدارەدان لە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان ڕوودەدا.چونکە لە لای ڕێبین و دینیەکان دەسکەوتێک کە جەژنی قوربان هێناویەتی بریتییە لە قەدەغە کردنی بە قوربانی کردنی مرۆڤ و جێ گۆڕکێ کردنی بە سەربڕینی ئاژەڵ ،بۆیە کاتێ لە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان سەدام لە سێدارە دەدرێ دەبێ بەو ڕووداوەی کە لێکدانەوەی ئەودا سەر لەنوێ بە قوربانی کردنی مرۆڤ دەکاتەوە بە مەترسی و بە عادەت ،ئیتر ڕێگریەک لە بەردەم کوشتن دا نامێنێ بۆ دەست وەشاندن لە ژیان و لە مرۆڤ .

ئەم لێکدانەوەیە ئەگەر لە دەمی مامۆستایەکی ئاینی بێتەدەرەوە ئاسایی دێتە بەرچاو ،چونکە ئیشی ئەو مامۆستا ئاینیە لەسەر پیادە کردنی کۆمەڵێ دەقی نەگۆڕو پیرۆزە کە قابیلی دەست کاری و لێکدانەوەی زیاتر نیە لەوەی بۆی دیاری کراوە.بەڵام بۆ ڕۆشنبیرێکی چەرخی بیست ویەک تراژیدیایە جیهان بینی خۆی بەم شێوەیە کورت کاتەوە ،تائاستی قەناعەت و خولانەوە بەدەوری نیوە ریفۆرمێکی شکلی و تەواونەکراو لە یەکێ لە توندو تیژترین کلتورەکانی دونیا.

"پیرۆزی" لە کلتورو لۆژیک و هەنگاوەکانی بڵاوبونەوەی سەرەتایی و تا دامەزراندنی ئیمپراتۆریەکان ،لە هەموو دینە سەرەکیەکانی دونیا ،بڕبڕەی سەرەکیان بریتیە لە ڕەگەکانی (( کوشتن ،قوربانی ،شەهید بوون)) ،واتە پیرۆزی بەو مانایەی تائێستا هاتووە پڕۆژەیەک نەبووە بۆ پاراستنی ژیان و مرۆڤ،بەڵکو بە پێچەوانەوە لە مێژووی جێگیر کردنی "پیرۆزی" چ وەکو عورفی کۆمەڵایەتی پیادە کراو کە زەبری بەرژوەندی چین و توێژی دیاری کراوی لەپشت بووە ،چ وەکو دەستوور کەزەبری سزاو تۆقاندنی دەسەڵات ودەوڵەت ی لە پشت بووە،کوشتن وقوربانی وشەهید بوون ی لێ دەربێنە ئەو کاتە ووشەیەکی خاڵیت لە مانا بۆ دەمێنێتەوە.

کوشتن – پیرۆزی ،بە پێچەوانەی ئەو ئیشکالەی ڕێبین ،هەرگیز دوو دونیای جیاوازیان نەبووەو نابێ.ئەمانە تەواوکەری یەکترن .ئەوەی کە سەربڕین و کوشتنی مرۆڤ بۆقوربانی جەژن جێگۆڕکێ کرا بە ئاژەڵ سەروەری بوو بۆ مرۆڤ.بەڵام سەروەری نەبوو بۆتەواوی ماناکانی مانەوەو ژیان،لە بەر دوو هۆ.یەکەم چونکە لەو دەق قەدەغەی دەکاو لە دەیان دەقی تر ڕێگەی پێ دەدا.دووەم چونکە سەربڕینی ئاژەڵ سڕینەوەو لە بەین بردنی فۆرمێکی دیکەیە لە ژیان. سەربڕین و بە قوربانی کردنی ئاژەڵ ، تا ئێستاش لە پاڵ چەندین فاکتەری تردا گەورەترین پراکتیس وسەرچاوەی ئیلهام ودەست ڕۆیشتنی مرۆڤە لە کوشتنی مرۆڤدا.سەیر نیە زۆربەی تیمەکانی مردن و سەربڕین و سەربازانی دەستەی ئیعدام نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لەزۆربەی شوێنەکانی دونیا مەشق و ڕاهێنانەکانیان بە سەربڕینی ئاژەڵ دەست پێ دەکا ،کە ڕەنگە نزیکترین بەڵگەی بەردەست گروپی شێخ زانا بێ لە کوردستان و ئەو گروپانە بێ کە لە شاری موسڵ دەستگیرکران کە هەرهەموویان پێش سەربڕینی مرۆڤ پراکتیسیان لەسەر ئاژەڵ کردبوو.

دووا تێبینی لە سەر ئەم ئیشکالە پەیوەندی بە حاڵەتی قبوڵ کردنی هەیە ! واتە ئەگەر چاو لەو هەموو ئەو ناکۆکیانە بپۆشین و لێکدانەوەکەی ڕێبین قبوڵ بکەین ،ئەوا لە باری مێژوویەوەو ئەم لێکدانەوەیە ڕووبەڕووی ئیشکالێکی تری گەورەتر دەبێتەوە بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان ،چونکە سێ ساڵ بەر لە ئیعدام کردنی سەدام ،هەر لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی ساڵی 2004دا ،لە دوو کردەوەی خۆکوژیدا لە مەڵبەندی سێ ی یەکێتی و لە لقی دووی پارتی لە شاری هەولێر دەیان کەس گیانی لە دەست دا دوو ئەوەندیتریش برینداربوون ،ئەمە چ لێکدانەوەیەکە کە ئەمەی یەکەم لە بیر دەکاو ئەوەی دووەم گەورە دەکا ؟؟